# بەئاگابوون لە هەژمونی وشەکان

لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)
( ١- ٢ )

مادام دەنگم بەکەڵک دێ، پێویست ناکات قامچییەکەم بەکاربێنم، مادام بێدەنگیم بەکەڵک دێ، پێویست ناکات دەنگم بەکاربێنم.

**موعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان**

ئەگەر بیر زمان بشێوێنێ، ئەوە زمانیش دەتوانیت بیر بشێوێنێت.

**جۆرج ئۆرویل**

(تۆماس ئەدیسۆن) هێشتا منداڵێکی بچووک بوو، ڕۆژێک لە قوتابخانە گەڕایەوە ماڵەوە و کاغەزێکی بچووکی پێ بوو و دایە دەستی دایکی و پێی وت: دایکە مامۆستاکەم لە قوتابخانە ئەم کاغەزەی دامێ و وتی بیدە دەست دایکت و تەنیا هەر ئەو دەبێ بیخوێنێتەوە. ئایا ناوەڕۆکی ئەو کاغەزە چی بوو؟ دایکەکە کاتێ کاغەزەکەی بە دەنگێکی بەرز بۆ منداڵەکەی خوێندەوە، چاوی پڕ بوون لە فرمێسک: (منداڵەکەت لەڕادەبەدەر زیرەکە، قوتابخانەکەشمان توانایی فێرکردنی منداڵەکەتی نییە، مامۆستای وامان نییە بتوانن وانە بە منداڵەکەت بڵێنەوە، پێویستە خۆت فێری بکەی). دوای چەند ساڵێک دایکی کۆچی دوایی کرد، ئەدیسۆن بووە مەزنترین داهێنەر لە جیهان، کاتێ ئەدیسۆن گەورە بوو، ئەو پەڕە کاغەزەی لە بوخچەی دایکی دەردەکات و دەیخوێنێتەوە، دەبینێت کاغەزەکە ئەمەی تێدا نووسراوە: (کوڕەکەت کەمفامە (تەنبەڵە) و ناتوانێت لە قوتابخانەکەمان بەردەوام بێت و ئەو لە قوتابخانەکەمان دەرکراوە). ئەدیسۆن بەنیگەرانییەکی زۆرەوە نامەکەی دەخوێندەوە و وتی: (تۆماس ئەدیسۆن کەمفام بووە، بەڵام دایکی کردوویەتی بە زانای سەدە).(١)

دایکی ئەدیسۆن بە هۆشیاری و لێزانینی زگماکی خۆی دەیزانی وشە چ کاریگەرییەکی لەسەر منداڵەکەی هەیە، بۆیە ئەگەر کاغەزەکەی وەک خۆی بخوێندایەتەوە، کاریگەری زۆر خراپ و

نەرێنی دەبوو، بۆیە ئەو وشانەی ناو کاغەزەکەی بۆ پێچەوانەکەی گۆڕی و منداڵەکەی خۆی بە وشەکان کردە مەزنترین پیاوی سەدە.

ئەم بەئاگابوون و هۆشیارییە زگماکییەی دایکی ئەدیسۆن لە هەموو ژیار و شارستانییەتەکاندا هەیە و خەڵکی بە سەلیقە دەیزانن و کاری پێ دەکەن، ئەوەش دەزانن چ کاریگەرییەکی بەسەر خۆیان و دەوروبەریشیانەوە هەیە، بێگومان هەموو خەڵکی لە وشەی زەم و ناشیرین تووڕە دەبن و وشەی گازندە و لۆمە نیگەرانیان دەکات و وشەی هەستیاریش شەرمەندەیان دەکات و هەڕەشەوگوڕەشەکانیش دەیانترسێنێت، کەچی وشەی نەرمونیان دڵەکان ڕادەکێشێت و کەمەندکێشیان دەکات، وشەی ڕێز و حورمەت و قەدرزانین سەراسیمەیان دەکات و خۆشییان پێ دەبەخشێت، کەواتە وشەکان کاریگەرییەکی سیحراوییان هەیە و هەژموونی باڵایان بەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤەوە هەیە.

وشەکان دەتوانن دڵەکان سەراسیمە بکەن و کەمەندکێشیان بکەن و ئەو خەڵکانە بکەنە هەوادار و دواکەوتە و ڕەوشی هزر و ئایدیاکانی ناو دڵ و دەروونی مرۆڤ بگۆڕن، وشەکان ئەوەندە کاریگەرییان هەیە، بە شێوەیەک نەتەوەی (نووح) (سەلامی خوای لەسەر بێت) پەنجەکانیان دەخستە ناو گوێیان، تا وشە کاریگەرەکانی (نووح پێغەمبەر)یان گوێ لێ نەبێت و کەمەندکێشی وشە و قسەکانی نەبن، هەروەک خوای گەورە لە سوورەتی (نووح) ئایەتی (٧)دا دەفەرموێت: ((وانی كلما دعوتهم لتغفر لهم جعلوا أصابعهم في آذانهم واستغشوا ثيابهم وأصروا واستكبروا استكبارا))، هەروەها لە سەردەمی پێغەمبەر محەممەد (د.خ) کافرەکان گفتیان بەیەکدی دەدا، کە گوێ لە قورئان ڕانەگرن ((وقال الذين كفروا لا تسمعوا لهذا القرآن والغوا فيه لعلكم تغلبون)) سوورەتی (فصلت)- ئایەتی ٢٦٩، هەموو ئەمانەش تا نەکەونە ژێر کاریگەریی هەژموونی وشە بەپێزەکانی قورئانەوە.

لەپێش هاتنی ئیسلامیش عەرەبەکانی سەردەمی جاهیلی لە دێرزەمانەوە هەژموون و کاریگەریی وشە و دەربڕینەکانیان هەست پێ کردووە، ((بۆیە هەر کاتێک شاعیرێکی لێهاتوو لە هۆزێکی عەرەبی دەربکەوتایە، ئەوە دەهاتن پیرۆزباییان لە هۆزەکەی دەکرد و شایی و خواردنیان بۆ ئەو بۆنەیە دەگێڕا و ئافرەتان دەفیان لێ دەدا و پیاوانیش بەو بۆنە خۆشەوە پیرۆزباییان لە یەکدی دەکرد، چونکە شاعیر بەو ڕەوانبێژییەی خۆی بەرگری لە هۆزەکە دەکات و بە باڵایاندا هەڵدەڵێ و نەمرییان پێ دەبەخشێت)).(٢)

زمان لەمەش زیاتر هەژموونی هەیە، وشەکان کاریگەرییەکی بێ وێنە لەسەر هەست و نەستەکان دروست دەکەن، کە بە بیرکردنەوە و جووڵاندنی هزر و هۆش و تێڕامان بەردەست دەبن، خەڵکی لە کات و ساتی یەکەمدا درک بەوە ناکەن، کە ئەوان دروستکراوێکی زمانەوانین و بە زمان بوونەتە مرۆڤ و بە زمان چوونەتە دووتوێی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی خۆیانەوە و هزر و بۆچوونەکانیان بە زمان دەستنیشان کراوە و ڕەهەندی ڕۆشنبیرییان بە زمان دامەزراوە و کەسایەتییەکانیان پێ دروست بووە و پێوەندی و ئاراستەکانی ژیانیان لەژێر هەژموونی زماندایە.

بەشێک لە دەسەڵاتی زمان و هەژموونی وشە، توانییان بزاوتەکانی (پەرەپێدانی خود) و ڕاز و نیاز و نهێنییەکانی ئاشکرا بکەن، هەروەها کتێب و توێژینەوەکانی (گەشەپێدانی مرۆیی) شادەماری ناساندنی گرنگی وشە و ڕستەکانن و بەگشتی زمان بووەتە هۆی بنیادنانی کەسایەتی و پێکهێنانی

پێوەندییەکان و گەیشتن بە ئامانجەکان، هەروەها زمان ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆگرامی پەرەپێدانی مرۆییدا بینیوە، دەشێت ئەم ناوونیشانانە دواتر بیرۆکەیەکی خێرا ببەخشن دەربارەی درککردنی هەوادارانی بابەتی گەشەپێدانی مرۆیی و کارگێڕی و بەبازاڕکردن...... بە تەوەرەیی زمان لە ژیانی مرۆڤ و کاریگەرییەکانی لە بەدەستهێنانی سەرکەوتن و زیادکردنی قازانج، بۆ نموونە:

١- پرۆگرامی زمانەوانیی دەماری/ ئەندازیاریی دەروونی/ ئەندازیاریی سەرکەوتن..... دەیان ناوونیشانی دیکە گرنگی بە (پرۆگرامکردنی عەقڵ لە ڕێگەی زمان)ـەوە دەدات. (ڕیچارد باندلەر) و (جۆن گریندەر) یەکەم کەس بوون، کە شێوازی پرۆگرامکردنی زمانەوانیی دەمارییان لە ساڵی (١٩٧٣)دا داهێنا، ئەم شێوازە لە کۆمەڵە نموونە و بنەمایەک پێکدێت، بۆ وەسفکردنی پێوەندییەکانی عەقڵ و زمان و چۆنیەتی ڕێکخستنی پێوەندییەکانی نێوانیان، بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر عەقڵ و هزر و جەستەی کەس.

٢ - یاسای ڕاکێشان - کەمەندکێشکردن، هێزی عەقڵی ناخ، هێزی نەست، بیرکردنەوەی ئەرێنی.... و چەندان ناوونیشانی دیکەی هاوشێوەی ئاماژەمان پێ دان، کە لەم بیرۆکەوە سەرچاوە دەگرن: ئەو وشانەی بیریان لێ دەکەینەوە، پاشان بەکاریان دەهێنین، هەستی ئەرێنی و نەرێنیمان لا دروست دەکەن و هێز بە بیروبۆچوونەکانمان دەدەن، بیر و بۆچوونی هەر کەسێک خاڵی کەمەندکێشکردنی لەخۆگرتووە، هەر کاتێک بیر لە شتەکان و لە هەڵوێستە نەرێنییەکان، یان ئەرێنییەکان دەکەینەوە، ئەوە بێگومان تۆ بۆ لای خۆت ڕایاندەکێشیت، کەواتە ئەمە بڕیاری تۆیە و خۆت وشەکانت هەڵبژاردووە.

٣- کارامەییەکانی پێوەندیکردن، پێوەندیی کارا، هێزی گفتوگۆ، زیرەکی وابەستەگی و پێوەندی، سەدان ناوونیشانی هاوشێوە، کە لەم بیرۆکەیەوە سەرهەڵدەدەن: سەرکەوتنی کەسێک لە کار و پیشە و ئەرکەکانی خۆیدا و لە پێکهێنانی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و خێزانی بە زمان و پێوەندی بەستن و هونەرەکانی گفتوگۆ و کارامەیی لە پێوەندی و وتووێژکردنەوە بەستراوەتەوە، ئەو ناوونیشانانە کۆکن لەسەر ئەوەی (٨٠- ٨٥٪)ی سەرکەوتوویی مرۆڤ لە ژیانیدا بە توانستی زمانی و وابەستەگی بەستراوەتەوە، کەچی زانین و زانیارییەکانی دیکەی ئەو مرۆڤە تەنیا (١٥- ٢٠٪)ی سەرکەوتنەکانی ژیانی بۆ فەراهەم دەکات.

٤- هونەری کارتێکردن- کاریگەربوون، هونەری قایلکردن، هونەری دانوستان، کۆنترۆڵکردنی ئەوانی دیکە، ڕێساکانی هەژموون، بەدەستهێنانی دەستەڵات و هێز، میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردن، ئەمانە و چەندان ناوونیشانی دیکەی بێشومار، سەرجەمیان باس لە (بەکارهێنانی زمان دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی عەقڵ و هەست و ناخی خەڵک)، واتە: کارتێکردنە سەر خەڵک، تا واز لە شتێک بێنن، وەک ئاکار و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و پێوەندی و بەرهەمەکان و هەر شتێکی دیکە بێت بەهۆی وشەکانەوە.

تەوەرییبوونی زمان لە گرنگترین چوار بوار لە بوارەکانی پەرەپێدانی خود و گەشەپێدانی داهاتی مرۆیی.

- ئایا چۆن زمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەروونت و گۆڕینی وێنای جیهان لە مێشکتدا بەکاردەهێنین؟

- ئایا چۆن زمان بۆ سەرکەوتن لە کاری فەرمانبەری و لە بواری کۆمەڵایەتی و قازانجکردن

بەکاردەهێنیــن؟

– ئایا چۆن زمان بەکاردەهێنین، بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتانەی دەتەوێت و کەمکردنەوەی ئەو شتانەی ناتەوێن؟

– ئایـا چـۆن زمـان بـۆ قایلکردنـی خەڵـک و گۆڕینـی ئـاکار و ڕەفتـار و هەڵوێسـتەکانیان بەکاردەهێنیــن؟

هەرچـی لایەنەکانـی دیکەیـە، کـە قووڵتـر و کاریگەرتـرن لـە پێوەندیی دینامیکی نێوان زمـان و مـرۆڤ، نێـوان هـزر و بۆچوونەکان و تێڕوانینی مرۆڤ بۆ گـەردوون و جیهانـی دەوروبـەر، کـە فەیلەسـووف و دەروونـنـاس و کۆمەڵنـاس و سیاسـەتوان و پێوەندیـی جەمـاوەری گرنگییـان پـێ داوە، هـەر لـە دێرزەمانـەوە فەیلەسووفان گرنگییـان بـە ڕۆڵـی زمـان و کرۆکـی زمـان و پێوەنـدی بـە هـزر و بیـر و کاریگـەری لەسـەر کۆمەڵگـە و تـەرزی ڕۆشـنبیری و پێشـڤەچوونی شارسـتانیەت داوە. بـۆ نموونـە: ئەفلاتـوون (٤٢٨– ٣٤٧ پ.ز.)، دیـکارت (١٥٩٦ – ١٦٥٠ز)، کانت (١٧٢٤– ١٨٠٤ز)، هـردەر (١٧٤٤ – ١٨٠٣ز)، هامبۆلـدت (١٧٦٧– ١٨٣٥ز)، نیتشـە (١٨٤٤ – ١٩٠٠ز)، دۆرکهایـم (١٨٥٨ – ١٩١٧ز)، ساپیر (١٨٨٤– ١٩٣٩ز)، وۆرف (١٨٩٧– ١٩٤١ز)، فیتگنشـتاین (١٨٨٩ – ١٩٥١ز)، هایدیگـەر(١٨٨٩ – ١٩٧٦ز)، ..... تـاد، هەمـوو ئـەو فەیلەسـووفانە کۆکبـوون لەسـەر ئـەوەی: زمـان تەنیـا ئامرازێـک نییـە بـۆ گوزارشـتکردن لـە هـزرەکان، بەڵکـوو زمـان هـزر دروسـت دەکات و ئـەو هـزر و بیرانـە دەهێنێتـەدی، مـرۆڤ بـەو شـێوەیە قسـە دەکات، بیردەکاتـەوە و بـە شـێوازی قسەکردنەکەشـی بیردەکاتـەوە، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە زمـان بۆچوونـی بەکارهێنەرانـی دەستنیشـان دەکات بـۆ بـوون و بـۆ گـەردوون.

دەروونناسـی و کۆمەڵناسـی و پێوەندیناسـی و سیاسـەت و ڕەخنـەی ڕۆشـنبیری و شـیکردنەوەی گوتـار، هەمـوو ئەمانـە گرنگیدانـە بـە توێژینـەوەی (کۆنترۆڵکردنـی زمانەوانـی و دەسـتەڵاتی وشـەکان)، بـۆ نموونـە: بەرهەمەکانـی (پییـر بۆردیـۆ١٩٣٠– ٢٠٠٢ز)ی فەرەنسـی هەوڵێکـی زۆری خسـتەگەڕ بـۆ پێناسـەکردنی چەمکـی کۆنترۆڵـی زمانەوانـی و توندوتیژیـی هێمایـی و کاریشـی کـرد لەسـەر دۆزینـەوەی دینامیکیەتـی کۆمەڵایەتـی و کەینوبەینـە هزرییەکانـی و توانایـی زمـان لەسـەر نەرمونیانـی و فرتوفێـڵ و خۆشـاردنەوە لـە بەکارهێنەرانـی و لـە قوربانییەکانـی، بەتایبەتـی لـە کتێبـی (هێمـا و دەسـتەڵات) و (توندوتیژیـی هێمایـی) و کتێبـی ( تەلەڤزیـۆن و میکانیزمەکانـی یاریکـردن بـە عەقڵ).

هەروەهـا بەرهەمەکانی (جـۆرج لاکـۆف)ی ئەمەریکـی لـە هـەردوو کتێبـی (ئـەو خوازانـەی پێـی دەژیـن ١٩٨٠) و (جەنگـی کەنداو، یـان ئـەو خوازانـەی دەکوژن١٩٩٠)، ئـەم نووسـەرە لـەم دوو کتێبـەدا جەختـی کـردەوە سـەر ڕوونکردنـەوەی ڕۆڵـی خـوازە و پـەلار وەک دوو تەکنیکی زمانەوانی لـە بنیادنانـی وێناکانـی مێشـک بەرانبەر بـە ڕووداو و شـتەکان بەگشـتی، باسـی چۆنیەتی بەکارهێنانی ئـەم دوو تەکنیکەشـی لەلایـەن سیاسـەتوانانەوە کـردووە، وەک پاسـاوێک بـۆ ئـەو توندوتیـژی و جەنـگ و وێرانکارییـەی دەیکـەن.

میشێل فووکۆ (١٩٢٦– ١٩٨٤) لە بەرهەمەکانی خۆیدا (وشـەکان و شـتەکان)، (سیسـتمی گوتار)، (فەلسـەفەی دەسـتەڵات)..... لـەم کتێبانەیـدا تیشـک دەخاتـە سـەر ئـەو پێوەندییـە بەهێـزەی لەنێـوان گوتـار و دەسـتەڵاتدا هەیـە و ئـەوە ڕوون دەکاتـەوە، کـە چۆن دەشـێت گوتاری ڕاسـتییەکان مافـی دەسـتەڵات و سـنوورەکانی جێگیربکـەن، چونکـە هیـچ مومارەسـەیەکی دەسـتەڵات بوونـی نابێـت بەبـێ ئابـووری لـە گوتـاری ڕاسـتیدا، کـە

دەسـتەڵات لەمیانـەی دەسـتەڵاتەوە دەخرێتەگـەڕ.

(نۆرمـان فارکلـۆف) مامۆسـتای زمـان و ژیانـی کۆمەڵایەتـی لـە زانکـۆی (لانکاسـتەر)ی بەریتانـی، بەتایبەتـی لـە کتێبەکانـی خۆیدا (گوتـار و گۆڕانی کۆمەڵایەتـی ١٩٩٢) (زمـان و دەسـتەڵات ٢٠٠١) (گوتـار و گۆڕانـی کۆمەڵایەتـی هاوچـەرخ ٢٠٠٧) هەوڵی داوە بچێتە ناخی سروشتی تاک و سروشتی کۆمەڵگـە لـە ڕێگـەی زمـان و شـیکردنەوەی گوتـار و دۆزینـەوەی تێکهەڵکێشـەکانی نێـوان زمـان و ئەرکـە کۆمەڵایەتییـەکان، هەروەهـا زمـان و بنیـادە فراوانەکانـی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و پێوەنـدی زمـان و پرسـەکانی دەسـتەڵات و زاڵبوونـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی.

فەیلەسـووفی لبنانـی (کلـۆد یۆنـان)، بەتایبەتـی لـە هـەردوو کتێبەکـەی (گومڕاکردنـی ئاخاوتـن و میکانیزمەکانـی زاڵبـوون بەسـەر بۆچوونـەکان) و (ڕێگەکانی گومڕاکردنـی سیاسـی)، لـەم دوو کتێبەیدا تیشـکی خسـتووەتە سـەر شـێوازەکانی هەڵخەڵەتانـدن و گومڕاکردنـی زمانەوانـی بـۆ تێپەڕاندنی پلانە سیاسـی و ئابوورییـەکان و بەدیهێنانـی بەرژەوەندییەکانـی خەڵکانـی دەسـتەبژێر لەسـەر شـان و ئەسـتۆی جەمـاوەری فریـودراو.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانی ڕۆژنامەگـەری و ڕادیۆ، پاشـان هەڵگیرسـاندنی جەنگـی سـارد لەنێـوان بلۆکـی ڕووسـیا و ئەمەریکا، پاشـان پەیدابوونـی شۆڕشـی زانیـاری و تەکنۆلۆژیـا و پێوەندییەکانـی سـەدەی بیسـتەمەوە، چەواشـەکاری زمانەوانـی و زاڵبوونـی زمانەوانـی و جووڵاندنـی جەمـاوەر و زاڵبوونـی بەسـەر عەقـڵ و هـۆش و بیـر و بۆچوونـی خەڵکـی لـە ڕێگـەی بەکارهێنانـی وشـەکانەوە دەسـتی پێکـرد، ئـەم پرۆسـەیەش لەلایـەن هێـزە سیاسـی و ئابـووری و ئایینییەکانـەوە ئەنجـام دەدرا، بـە مەبەسـتی چەماندنـی جەمـاوەر بـۆ بەرژەوەندییـە تایبەتییـەکان و بـۆ ونکردنـی کۆمەڵگـەکان لـە هەمـوو هـۆش و ئاگاییـەک، تـا ببنـە داردەسـتە بۆیـان و بە ئـارەزووی خۆیـان بـەرەو بەرژەوەندییەکانـی ئەو دەسـتەڵاتدارانە ڕایانبکێشـن، ئیـدی هەمـوو کەوتنـە ژێـر کاریگەریـی گەمـەی واژەکانـەوە و بەبـێ هۆشـانە بـەرەو پڕوپاگەنـدەکان پەلکێـش بـوون. میکانیزمەکانـی زاڵبوونـی زمانەوانـی و فرتوفێڵـی زمانەوانـی و گومڕاکردنـی جەمـاوەر بەهـۆی زمانـەوە، بوونـە ماددەیەکـی خـاوی توێژینـەوەکان، کـە زانایـان و توێژەران بۆ گەمەکردن بە عەقڵ و هۆشیاری خەڵکی سـازیان دەدا، ئەویـش بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی میکانیزمەکان و سـتراتیژییەتەکانی دروسـتکردنی ڕای گشـتی و داڕمانـی ئایدیـا و دابونەریـت و بەهـاکان و تەیارکردنـی خەڵکـی بـۆ مەبەسـتی جۆراوجـۆر و بەرپاکردنی شـەڕ و هەڵگیرسـاندنی جەنگ و پشـێوی نانـەوە و دروسـتکردنی نائارامـی و خوێنڕشـتن لەنـاو میللەتانـدا.

### جەنگی وشەکان - جەنگی دژی وشەکان

شـەهیدانی نەزانـی چەنـدان گەمـژە لەپێنـاو بیرۆکەیەکـی ناڕاسـتدا شـەهید بـوون.

**پۆلس سەلامە**

ئاگـر بـە دوو چڵـەدار دەکرێتـەوە و جەنگیـش بـە قسـە دەسـت پـێ دەکات.

**نەسر کوڕی سیار**

مێـژوو پـڕە لـە شـەڕی هـزر و وشـەکان، بڵێسـەی وشـەکان پێش بڵێسـە و ئاگری شـەڕە ڕاسـتەقینەکان هەڵدەگیرسـێن، جەنـگ و شـەڕ و پێکدادانـەکان لـە عەقـڵ و هـزر و بۆچوونەکانـدا پێـش گۆڕەپانەکانـی جەنگ هەڵدەگیرسـێن، هیچ ژیار و تەرزی ڕۆشـنبیری و پێشـڤەچوونێکی زانسـتی و بڵاوبوونـەوەی ئاییـن و هزرێـک لـە مێـژوودا، بەبـێ جەنگـی وشـەکان ڕووی نـەداوە. خوێنڕشـتن و داڕمـان و دواکەوتـن و کێشـە

و ئاراستەکانیش هەر لە پێکدادانی وشەکانەوە دەستیان پێ کردووە.

پێغەمبەران و فەیلەسووفان و زانایان و داهێنەران و لێهاتووەکان، لە دێرزەمانەوە دووچاری سزا و دەرد و مەینەتی بوونەتەوە و زیندانی کراون و لە خاچ دراون و کوژراون، خەڵکانیش گاڵتەیان پێکردوون و بێڕێزییان بەرانبەر کردوون، (٣) چونکە ئەوانە بە زمانێک قسەیان کردووە، کە لای کۆمەڵگەکانیان کارپێکراو و نەناسراو بووە، زمانێک بیر و بۆچوونە لەکارکەوتووەکانی کۆمەڵگەکانیان پەسەندی نەدەکرد و تەخت و تاراجی دەستەڵات و بەرژەوەندییەکانیانی دەخستە ژێر هەڕەشەوە، وەک لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کراوە ((افکلما جاءکم رسول بما لا تهوی انفسکم استکبرتم ففریقا کذبتم وفریقا تقتلون)) سوورەتی بەقەرە - ئایەتی (٨٧).

کتێب و بەرهەمەکان ئەوانیش بە هەمان شێوە ڕووبەڕووی جەنگ و چەوساندنەوە بوون، کتێبەکان خەزێنەی هزر و بیرەکانن، ئەو کتێبانە خەزێنەی هزر و زانست و زانیارییەکانن و داهێنان و بۆچوونی ئەو زانا و فەیلەسوفانەیان تێدا حەشاردراوە، بەڵام ڕووبەڕووی سووتاندن و دڕاندن بوونەوە، کۆمەڵگەکان و دەستەڵات نەیانهێشتووە بڵاوبکرێنەوە، نووسەرەکانیش بە لادەر و تێکدەر و گێرەشێوێن لەقەڵەم دراون و بە بێڕەوشت و گەندەڵ و تاوانبار هەژمارکراون، لە مێژووشدا دەیان نموونە دەبینین بۆ دژایەتیکردنی کتێب و ئەو نووسراوانەی، کە کۆمەڵگەکان بە مەترسییان زانیون بۆ ژیان و ژیاری خۆیان، بۆ نموونە (تیشین ٢٥٩ پ.ز) ئیمپراتۆری چین فەرمانی دا سەرجەم کتێبە مێژوویی و زانستییەکانی چین بسووتێنرێن، کاتێکیش (٤٠٠) زانای گەورەی وڵاتەکەی ناڕەزایەتییان بەرانبەر بەم کارە دەربڕی، هەموویانی زیندەبەچاڵ کرد. (یۆلیۆسی قەیسەر) ئیمپراتۆری ڕۆمانی لە ساڵی (٤٨ پ.ز.) کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی سووتاند، مەغۆلەکانیش لە داگیرکردنی (بەغدا) کتێبخانەی (خانەی حیکمە) یان سووتاند، کە (٣٠٠) هەزار کتێبی تێدابوو، جگە لەوەش (٣٦) کتێبخانەی دیکەیان لە بەغدا سووتاند، کە سەدان هەزار کتێبیان تێدا بوو و فڕێیان دایە ناو ڕووباری دیجلەوە، هەروەها کاتێک (ئەندەلوس)یش ڕووخا، (کاردینال سیسنیرۆس لە ساڵی ١٥٠١ز.) کتێبخانەی (زەهرا)ی سووتاند، کە (٦٠٠) هەزار دەستنووسی تێدابوو، خاچپەرستەکانیش کتێبخانەی (خانەی زانست)یان لە شاری (قاهیرە) سووتاند، کە دوو ملیۆن و دووسەد هەزار کتێبی تێدا بوو. لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٣٣)شدا لە شاری (بەرلین)ی پایتەختی ئەڵمانیا لە سەردەمی نازییەکاندا بە بەرچاوی (٧٠) هەزار کەسەوە، دەیان هەزار کتێب سووتێنران.

سووتاندنی کتێب و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەیان و کوشتنی نووسەرەکانیان بەشێکی بچووکە لەو دژایەتییەی بەرانبەر بە وشەکان دەکرێت، ئێستاش زیندانەکانی جیهان پڕن لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و داهێنەر و گوتاربێژ و شاعیران، هەروەک سەردەمانی پێشوو.

لە ساڵی (٢٠١٧)، (٦٥) ڕۆژنامەنووس لە جیهان کوژراون، ئەم ڕێژەیەش کەمترین ڕێژەی کوشتنی ڕۆژنامەنووسانە لە ماوەی (١٤) ساڵی ڕابوردوودا. پۆلێنی جیهانی بۆ ئازادی ڕۆژنامەنووسی ساڵی (٢٠١٨)، کە لەلایەن ڕێکخراوی (پەیامنێرانی بێ سنوور)ەوە ئامادەکرا بوو، باس لەوە دەکات، کە کینە و بوغز دژ بە ڕۆژنامەنووسان لە هەڵکشاندایە، بەرپرسە سیاسییەکان دژایەتی ڕاگەیاندن دەکەن، نەک لەو وڵاتانە دکتاتۆرەکان، بەڵکوو بەرپرسانی

سیاسی دیکەش وەک (ترەمپ)، کە لە گوتارێکی خۆیدا ڕۆژنامەنووسان (بە دوژمنی گەل) ناوزەد دەکات، هەر بەو شێوەیەی (جۆریف ستالین)، کە وەسفی کردبوو.

لە چەندان وڵاتی دیکەدا دژایەتی جەستەیی و واژەیی دژ بە ڕۆژنامەنووسان دەکرێت، بۆ نموونە (ڕۆدریگۆ دیتۆرتی) سەرۆکی (فلیپین) هەمیشە جنێو بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەدات و هەڕەشەیان لێ دەکات و جارێکیان پێی وتن: ئەگەر ڕۆژنامەنووس بیت، واتای ئەوە نییە لە کوشتن پارێزراو دەبیت، بە هەمان شێوەش لە هیندستان دژایەتیکردن و بوغز و ڕق بەرانبەر ڕۆژنامەنووسان لە هەڵکشاندایە، بەتایبەتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیس بووک، لە ئەورووپاش بەهەمان شێوە توندوتیژی واژەیی، واتە بە وشە و جنێودان زیادی کردووە، هەرچەندە ئەورووپا لەچاو شوێنانی دیکە ئاسایشی بۆ ڕۆژنامەنووسان پارێزراوە.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٨) مۆریس زیمان سەرۆکی (چیک) لە کۆڕێکی ڕۆژنامەوانیدا کلاشینکۆڤێکی ساختەی بە دەستەکانی بەرزکردەوە، کە لەسەری نووسرابوو ((ئەمە بۆ ڕۆژنامەنووسەکانە)).

(٤) لە ڕووداوێکی زۆر قێزەونیشدا، کە بە قێزەونترین ڕووداوی سەردەمی نوێ هەژمار دەکرێ، زمانی شاعیری یەمەنی (وەلید ڕمێشی)یان لە ڕۆژی چوارشەممە (٢)ی مانگی (ئایار)ی ساڵی (٢٠١١) بڕی، (وەلید ڕمێشی) بەو زمانەی خۆی تاوانەکانی (حیزبەکانی دیداری هاوبەش)ی دەخستەڕوو، باسی لە دوژمنکاری و کارە دزێوەکانی دەکردن. هەروەها ڕۆژی شەممە (٢)ی مانگی شوباتی (٢٠١٩) کەسانێکی نەناسراو (١٣) گوللەیان بە ڕۆژنامەنووسی عێراقی (عەلا مەشزوب)ەوە نا و کوشتیان، ئەویش دوای ئەوەی لە فەیس بووک قسەی بە (خومەینی) و شۆڕشەکەی وتبوو، پێش ئەویش هزروان و سیاسەتمەداری لبنانی (حوسێن مروە ١٩٨٧) پاش بڵاوبوونەوەی کتێبێکی بە ناونیشانی (ڕیشەی ماددییەت لە فەلسەفەی عەرەبیی ئیسلامیدا) کوژرا، لە ساڵی (١٩٩٢)ش هزروانی سیکۆلاری میسری (فەرەج فۆدە) تیرۆرکرا، کە داوای دەکرد ئایین و دەوڵەت لەیەک جیابکرێتەوە، لە (٢١)ی حوزەیرانی ساڵی (٢٠٠٥)یش (جۆرج حاوی) ڕابەری پارتی شیوعی لە بەیرووت بە بۆمبێکی چێنراو تیرۆرکرا، پێش ئەویش (سەلیم حلوو) خرایە ناو حەوزی (ئەسید)ەوە، پێش (١٩) ڕۆژیش لە کوشتنی (حاوی)، لە (٢) حوزەیران نووسەر و ڕەخنەگری سیاسی (سەمیر قەسیر) بە بۆمبێکی چێنراو گیانی لەدەست دا، ئەمەو دەیان و سەدان ڕووداوی لەم جۆرە بە کوشتن، یان هەڕەشەکردن، یان بەندکردنیان ئەنجام درا.

ئەمانەی وتمان نموونەیەکی زۆر بچووکن لەو جەنگەی دژ بە وشە و بیروبۆچوونەکان دەکرێت، دژایەتیکردنی هزر و مێشک و عەقڵیش لەوە گەورەتر و شەڕانگێزترە ((والفتنة اشد من القتل)) سوورەتی بەقەرە- ئایەتی ١٩١ (دووبەرەکی لە کوشتن خراپترە). ململانێی (خێر و شەڕ)، (ڕاستی و پووچ)، (کوفر و باوەڕ)، (ئازادی و کۆیلەیی)، (ستەم و دادپەروەری)، (ڕزگاری و داگیرکردن)، (دیکتاتۆریەت و دیموکراسی)، (شیوعیەت و سەرمایەداری)......تاد نموونەگەلێکی خوێناوین بۆ ئەو شەڕە وێرانکەرەی هەمیشە بۆچوون و بیر و وشەکان هەڵیاندەگیرسێنن، هەر گرووپێک کاتێ شەڕ و جەنگ بەرپادەکەن، خۆیان لە پشت چیایەک لە وشە و ڕستەدا حەشاردەدەن، بەو ڕستە و وشانە دەتوانن یاری بە عەقڵی خەڵکی بکەن و وێنای خۆیان لە لایان جوان بکەن.

هەر گرووپێک لەو گرووپە شەڕکەرانە خۆیان بە پاڵەوان و خەباتکەر نیشاندەدەن و ئەوەی

دیکەش بە شەیتان و ئەهریمەن وێنادەکەن، ئەو گرووپانەش کێشە و جەنگەکانیان بە وشە دەست پێ دەکەن، ئەگەر وشەکان نەبوونایە، شەڕەکە نەدەگەیشتە بەرەکانی جەنگ. پڕوپاگەندەکردن بۆ جەنگ وەک (تایلۆر) دەڵێت: ((چالاکییەکە بە قسە ئەنجام دەدرێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان خەڵک ناچاردەکات شتێک بکەن، کە ئەو قسەیە ئەگەر نەبووایە، ئەوە کردارەکەشیان نەدەکرد، کە بەهۆیەوە کردوویانە، وشەکان هێرش دەبەنە سەر بەشێک لە جەستەی مرۆڤ، کە چەکەکان ناتوانن پەی پێ ببەن، ئەو وشانە ورەی یەکێک لەو دوو لایەنە بەرزدەکەنەوە و توانایی شەڕانگێزیی لەلای ئەوی دیکە تەفروتونا دەکەن، بێگومان چەکەکانی عەقڵ لە چەک و تەقەمەنی ڕاستەقینە دەچن، ئەو چەکانە ئاڵۆز و چڕن و لەگەڵ پێشڤەچوونی تەکنیک و تەکنۆلۆژیا، ئەوانیش پێشکەوتوون، داستانی شیعری و وێنەکێشان کە پێشتر هەبوون، هەر ئەو کارەیان دەکرد، کە ئێستا بێژەری ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە پڕوپاگەندەکاندا دەیکەن)).(٥) هەروەک (کلۆد یۆنان) جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی، کە ((ململانێ پشت بە پێکدادانەکانی ئاخاوتن دەبەستێت، بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرکەوتن، چونکە تەنیا بە ئایدیا دەتوانرێت بەرەنگاری ئایدیایەکی دی ببیتەوە، کە لەوی دیکە بەهێزتر بێت، ئایدیۆلۆژیاکانیش بەرهەمێکی هزرین بەهۆی ئاخاوتنەکانەوە دەردەکەون)).(٦)

بەگشتی پێویستی و بەرژەوەندییەکان و دەستەڵات و ئایدیۆلۆژیاکان داینەمۆی جەنگ و پشێوییەکانی مێژوون، بەهۆی وشەکانەوە دەبنە بیر و هزر و هزرەکانیش بە پڕوپاگەندە و سیحر و ئەفسوونی وشەکانەوە دەبنە ئایدیۆلۆژیا، پاشان هەژموون بەسەر هەست و نەست و مێشکەوە دروست دەکەن و جۆشوخرۆشی سۆزەکان دەدەن، ئەوجا لە شەڕ و پشێوییەکاندا بەرجەستە دەبن. مێژووش سەلماندوویەتی خوێناویترین شەڕەکان لە مێژوودا شەڕە ئایینییەکان و ئەو جەنگانە بوون، کە بەهۆی هزر و بیرەوە بەرپابوون، لەم جەنگانەدا کۆمەڵکوژی ئەنجام دراون، چونکە هەر لایەنێک ئەوی دیکەی بە ڤایرۆس و میکرۆبی پیس هەژمارکردووە، کە پێویستە بنەبڕ بکرێت.

### بارگرانی پیاوی سپی پێست (٧)

**........ بارگرانییەکەی پیاوی سپی پێست هەستە..... بە ئەنجامدانی جەنگێکی ئاشتییانەی دڕندانە.... دەمی برسێتی پڕکەن.... فەرمان بدەنە نەخۆشییەکان با نەمێنن...... کاتێکیش هەوڵەکانتان لە ئامانجەکانی خۆیان..... لەو ئامانجانەی لەپێناو ئەوانی دیکەدا خوازیار بوون....... ئاگاداربن تەنبەڵی و گەمژەیی بتپەرستی .... هەموو هیوا و ئاواتەکانیان بە فەتارەت نەبەن.**

**ئەی پیاوی سپی پێست ئامادەبە..... بارەکەت قورسە....... خەڵاتەکەت هیچ نییە..... گازندەیەک بۆت دەبێتە دیاری...... ڕق و کینەی ئەوانەی چاودێرییان دەکەیت... ئەو جەماوەرەی لە پرسەکاندا چپە دەکەن....... بەرەو ڕووناکی ڕێنمایی دەکەن...... ئایا بۆچی ئەمانە تاریکاییەکانمان ناڕەوێننەوە!!....... و ئازادیمان پێ ببەخشن!!!.**

ئەمە پارچەیەکە لە شیعری شاعیری بەریتانی (ڕودیارد کبلینگ)ـە بە ناونیشانی (بارگرانی پیاوە سپی پێستەکە)، کە لە ئەمەریکا ساڵی (١٨٩٩ز.) بڵاوکرایەوە، لەمیانەی پڕوپاگەندەکردن

بۆ جەنگ دژ بە فلیپین (١٨٩٩- ١٩١٣ز) وەک ڕووماڵێکی هێزی وابوو بۆ شەڕ و وێرانکردن و کۆیلەکردن و ستەمکردن، کە ئەمریکا دژ بە وڵاتی (فلیپین) لەژێر دروشمی خزمەتی پەروەردگار و ئازادکردنی میللەت و نەهێشتنی بارگرانی کە پیاوی سپی پێستی ڕۆشنبیر ئەنجامی دا، هەروەها جێبەجێکردنی ئەرکە ئایینی و ڕەوشتییەکانی و گەیاندنی پەیامە مرۆییە پیرۆزییەکەی بەرانبەر بە نەتەوەکان و میللەتەکان، بۆ ئەوەی لە ستەم و دواکەوتن و نەزانی و برسیەتی و نەخۆشی و وێرانکاری ڕزگاریان بکات.

ئەم پارچە شیعرە وەک دروشمێک بۆ قۆناغی داگیرکاری و ئیمپریالیەتی ئەورووپی هاوچەرخ بەکارهێنرا، بانگەشەکردن بۆ نەتەوەکانی دیکە، کە شارستانی بن و وەک پیاوی سپی پێستی ڕۆژئاوا لە ڕووی ژین و ژیار و ڕەوشتەوە بە ئاکار و ڕەفتار بن، وەک پیاوی سپی پێست سەرووی نەتەوە و چین و توێژەکانی دیکەی مرۆڤایەتییە لە جیهاندا، ئەمانە ناوونیشانی بە بریقوباق بوو، دروشمی ئەو جەنگە خوێناوییانە بوون، کە لەو سەردەمەدا بەکاردەهێنران و شەڕە خوێناوییەکانیان پێ بەڕێوە دەبرا، پاشان ئەو گەلانە دەستیان دایە خەبات بۆ ڕزگاربوون لە داگیرکاری، تا ئێستاش خەباتی هەندێک لەو وڵاتانە بەردەوامە بۆ ئازادی و ڕزگاری. ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکی (ئادوین لۆرانس گۆدکن) پاش ماوەیەک لەسەر پارچە شیعری (بارگرانیی پیاوی سپی پێست) وتی: ((خاوەنی شیعری (پیاوی سپی پێست) لەو سەردەمەدا هیچوپووچترین کەس بووە لە مێژوودا)).

لە هەموو سەدەیەکیشدا هیچوپووچی خۆی هەر هەیە، بگرە ژمارەشیان زۆرە، ئەوانە قسەی بە بریقوباق دەکەن و وشە و ڕستەکانیان بە جوانترین شێوە دەڕازێننەوە و گەمە بە عەقڵ و هزر و ئاوەزەکان دەکەن و هەست و نەستەکان دەوروژێنن و بوغز و کینەکان دنە دەدەن و بۆ شەڕ و پشێوییەکان هانیان دەدەن، ئەوانە گۆڕەپانەکەیان داگیرکردووە و هەر ئەوانەن کێشە دروست دەکەن، پاش ئەوانیش ئەوانەی لافوگەزافی ئایین لێ دەدەن و خۆیان بە هەڵگری ئاڵای زانست و ڕۆشنبیری نیشان دەدەن، کاتێکیش ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن پەیدابوون ... بوونە سەکۆیەک بۆ جەنگی وشە و بیرەکان و بوونە جومگەیەک بۆ پڕوپاگەندە و گومڕاییکردن و هاندانی خەڵکی، کە ئەمەش پرۆسەیەک بوو لەلایەن سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیر و هەڵگرانی ئاڵای ئایین و ئایدیاکانەوە ئەنجام دەدرا، کاتێکیش ئینتەرنێت و فەیس بووک پەیدابوون، دروستکردنی جەنگ و پشێوییەکانی وشە لە دەستەبژێری خەڵکەوە گوێزرانەوە ناو میللەتان و جەماوەرێکی زیاتریان بەخۆوە بینی و وای لێهات هەموان بەشدارییان لەو شەڕانەدا کرد و ئاگرەکەیان زیاتر خۆش کرد.

## ململانێ لەسەر عەقڵەکان

ئامرازی سەرەکی یاریکردن بە ڕستەکان، واتای یاریکردنە بە وشەکان، ئەگەر توانیت واتای وشەکان کۆنترۆڵ بکەیت، ئەوە بێگومان دەتوانیت ئەو خەڵکانە کۆنترۆڵ بکەیت، کە پێویستە ئەو وشانە بەکاربهێنن.

**(فلیپ ک. دیک)**

ئەگەر نەتوانی عەقڵت کۆنترۆڵ بکەیت

ئەوە کەسانێک هەن دەتوانن لەجیاتی تۆ ئەو کارە بکەن.

**(جۆن ئەلستۆن)**

(دێڤید ڕۆبسۆن) ڕۆژنامەنووسی زانستی لە (BBC): دەڵێت: ((هەموو مرۆڤایەتی لە هەڵخەڵەتاندنیاندا یەکسانن، زۆر ئاسانە بیروبۆچوونەکان لە مێشکی خەڵکیدا دروست بکەین، بەبێ ئەوەی ئاگایان لێ بێت، زۆربەی خەڵک وا گومان دەبەن، کە لە بیرکردنەوەدا ئازادن و خۆیان سەرپشکن لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان، بەڵام وا پێدەچێ لەم گومانەیاندا هەڵە بن، زۆرجار ئێمە لە (بووکە سەماکەر/ یستۆک) دەچین، کە جووڵەمان پێ دەکرێت و بەپێی خواست و ویستی کەسانی دیکەوە دەجووڵێنرێین، بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، ویست و خواستەکانیان جێبەجێ دەکەین، کەچی وا دەزانین بۆچوونەکانی خۆمان جێبەجێ دەکەین، ئێمە پەنا دەبەینە بەر دروستکردنی سیناریۆیەک لە خەیاڵدا، بۆ ئەوەی بڕیارەکانمانی پێ شرۆڤە بکەین)). (٨)

لە سەردەمی جەنگی سارددا حکوومەتی ئەمەریکا داهاتی فراوانی، بۆ ئەنجامدانی بەرنامەیەکی نهێنی بۆ پروپاگەندەی ڕۆشنبیری لە ئەورووپای ڕۆژئاوا تەرخان کرد، یەکێک لە ئەدگارە بنەڕەتییەکانی ئەم بەرنامەیە (سووربوون بوو لەسەر ئەوەی وای نیشان بدات، کە هیچ بوونێکی نییە)، ئەم بەرنامەیە لەلایەن سیخوڕەکانی ئەمەریکا و هەواڵگری ناوەندی ئەمریکییەوە لە (CIA) لەڕێگەی (ڕێکخراوی ئازادی ڕۆشنبیرییەوە (١٩٥٠- ١٩٦٧ز) جێبەجێ کرا، ئەم ڕێکخراوە نووسینگەی لە (٣٥) وڵاتدا هەبوو و دەیان فەرمانبەر لەگەڵیدا کاریان دەکرد و زیاتر لە (٢٠) گۆڤاری گەورە و خاوەن دەستەڵاتی دەردەکرد و چەندان پێشانگەی بەڕێوەدەبرد و ژمارەیەکی زۆری دەزگە و کەناڵی ڕاگەیاندنیشی بەڕێوەدەبرد و بە بەردەوامی کۆنگرەی نێودەوڵەتی دەبەست، کە کەسایەتی مەزن بەشدارییان تێدا دەکرد، هەروەها ئەم ڕێکخراوە هونەرمەند و موزیکژەنەکانی خەڵات دەکرد و چاودێری بۆنەکانیشی دەکرد، ئەرکی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە ڕووبەڕووبوونەوەی شیوعیەت بوو، بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵکی بیروبۆچوونێک وەربگرن لەگەڵ شێوازی ئەمەریکی و بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکادا بگونجێت، ئەوجا بەدڵیان بێت، یان نا. ئەم ڕێکخراوە پانوپۆڕ و کاریگەربوو، بە شێوەیەک زۆربەی زۆری نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و مێژوونوسان و زانایان لە ئەورووپا لەدوای دووەمین جەنگی جیهانی پێوەندییان بەم ڕێکخراوەوە هەبووە.

ئەو کەس و دامودەزگایانە لەلایەن هەواڵگری ئەمەریکی (CIA) پشتیوانی دارایی دەکران، پێشبینی دەکرا ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەیەکی قایلکردنی فراواندا بگێڕن، بۆ ڕەوینەوە لە ڕەوتی شیوعیەت و بەرەنگاربوونەوەی لە جەنگێکی پروپاگەندەکردندا، لەم ڕێکخراوەدا پروپاگەندە بەوە دەناسرا، کە: ((هەر هەوڵ، یان جووڵانەوەیەکی ڕێکخراو پێکدێت بۆ بڵاوبوونەوەی زانیاری و بۆچوون، یان پێشنیازکردنی چەند پرس و بابەتێک بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر گرووپێکی دیاریکراو بە پلان و بەو شێوازەی پشتیوانی بکات لە جێبەجێکردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی ئەمەریکا))، هەروەها پروپاگەندە زۆر کاریگەرەکان بەوە پێناسە دەکران، کە: ((ئەو پروپاگەندانەن کەسی بە ئامانجگیراو بەو ئاراستەیە بجووڵێتەوە، کە تۆ دەتەوێت لەبەر چەند هۆکارێک ئەو کەسە بڕوای وا بێت، ئەو هۆکارانە خۆی خاوەنێتی)). لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا (ئایزنهاوەر) سەرۆکی ئەمەریکا ئەم بیرۆکەیەی شرۆڤە کرد و وتی:

**((لـه جەنگـی سـارددا ئامانجمـان ئـەوە نییـە بـە بەکارهێنانـی هێـز دەسـت بەسـەر زەویـوزاری خەڵکانـدا بگریـن، بەڵکـوو ئامانجەکەمـان فراوانتـر و تەواوکاریتـرە، بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجەکانیشـمان ئامـرازی دەروونـی بەکاردەهێنیـن، لـەم زاراوەیـە مەترسن، چونکـە تەنیا زاراوەیـەک نییـە لـە پێنـج برگـە پێکهاتبێـت- پێنـج دۆلار- جەنگـی دەروونـی لـە ململانێیـەک پێکدێـت، لەپێنـاو عەقڵـەکان و خواسـتەکانی مـرۆڤ)).(٩)**

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

١ – ئـەوەی زانـراوە تۆمـاس ئەدیسـۆن (خاوەنـی ١٠٩٣ داهێنـان) تەنیـا نزیکـەی سـێ مانـگ لە قوتابخانە بووە، بەهـۆی زۆری پرسـیارەکانییەوە لـە قوتابخانـە دەرکـرا، کـە مامۆسـتاکان پێیـان وابـوو ئامـاژەیـە بـۆ گەمژەیـی و دواکەوتوویـی عەقڵـی، ئـەوەی زانـراوە دایکی بەشدارییەکی بەهێزی هەبووە لە دروستکردنی زیرەکییەکـەی و گرگرتنـی هەسـتەکانی، بـەڵام ئـەم چیرۆکـە بـە چەنـدان شـێوە دەگێڕدرێتـەوە، ئەمەیـان یەکێکـە لەوانـە، هەرچەنـدە متمانەپێکراوترینیـان نییـە، کەچـی ئێمـە هەڵمانبـژاردووە، چونکـە ڕوونترینـە لـە ڕوونکردنـەوەی کاریگەریـی وشـەکان لـە بنیادنانـی کەسایەتی مرۆڤدا، هەرچەنـدە گێڕانەوەکانی دیکەش خزمـەت بـە هەمـان مەبەسـت دەکـەن.

٢ – الحسـن بـن رشـيق القيرواني – العمـدة فـي محاسـن الشـعر وآدابـه، تحقيـق محمـد محـي الديـن عبدالحميد، دار الجبل، الطبعـة الخامسـة، ١٩٨١، ج ١، ص ٦٥.

٣ – بـۆ بینینـی نموونـەی ئەمـە، بڕوانـە ژیانـی پێغەمبـەران و ژیاننامـەی زانایـان: سـوقرات، سینیکای ڕۆمانـی، هیبایـی، گردانـۆ برۆنـۆ، گالیلـۆ، گانـدی، سـەهرەوەردی، ئیبـن حەیـان، ئیبنموقەفـەع، حەڵـلاج، لسـان الدینـی ئیبـن خەتیـب، ئەحمـەد ئیبـن حەنبـەل، کنـدی، جەعـد ئیبـن درهـەم، ئەحمـەد ئیبـن نەسـر خوزاعـی، ئیبـن سـینا، ئەبـوو حەیانـی تەوحیـدی و مـاوەردی....

٤ – پۆلێنـی جیهانـی بـۆ ئـازادی ڕۆژنامەنووسـی ٢٠١٨، پێگـەی نێردراوانـی بێسـنوور لەسـەر تـۆڕی ئینتەرنێـت.

٥ – فليب تايلور، قصف العقول – الدعاية للحرب منذ العالـم القديـم حتـى العصـر النـووي، ترجمـة: سـامي خشـبة، عالـم المعرفـة، العدد ٢٥٦، ٢٠٠٠، ص ٢٣.

٦ – كلود يونان، التضليل الكلامي و آليات السيطرة على الرأي، دار النهضة العربية، ص ١٦.

٧ – شیعری (عبء الرجل الأبيض/ بارگرانی پیاوی سپی پێسـت) بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامـەی (نیویۆرک سـەن) لـە ١٠ شـوباتی ١٨٩٩ بڵاوکراوەتـەوە، مەوسـووعەی ویکیپیدیـای ئـازاد.

٨ – ديفيـد روبسـون، حيـل الاقنـاع التي تمـارس علينـا، مقال منشـور على موقـع بي بي سي بتاريـخ ١٦ لمـارس ٢٠١٥، تاريـخ الزيـارة ٢٠١٩/٢/١٢.

٩ – ف.س. سـوندرز، ١٩٩٩، من الـذي دفع للزمـار – الحـرب الثقافيـة البـاردة، ترجمـة طلعـت الشـايب، المركـز القومـي للترجمـة، القاهـرة، ٢٠٠٩، ص ٢٣ – ٢٤.